## خەمەکانی من

ئەندام محسن گەردی
andam_gardi87@yahoo.com

# پەرلەمان و هێندێک شتی تریش



دەمێک بوو، گەرەکم بوو، لەسەر پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان بنووسم. سوپاس بۆ یەزدانی مەزن، وا ئەمجارەیان ئەوئاواتەم هاتەدی.

پەرلەمان وشەیەکی یۆنانییە، بە مانای دەسەڵاتی گەل دێت، راستییەکەی پەرلەمانی کوردستان لە کات و ساتێکی مێژووییدا هاتۆتە کایەوە، ناتوانرێت نکۆڵی لە هەبوونی ئەو دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستانبکەین.

لە وڵاتانی دیموکراتدا، لە رەوش و کەشێکی ئازاد دا، ئەو کەسانە هەڵدەبژێردرێن کە دەبن بە نوێنەری گەل لە چوارچێوەی پەرلەماندا. کە بەهۆیەوە ئەو ئەندام پەرلەمانانە، گوزارش لە ناخی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکەن و هەر لە سۆنگەیەی ئەو ئاراستەوەش، نوێنەرایەتییاندەکەن.

لێرەدا ئەرکی من نییە، باسی پەرلەمانەکانی دنیا بکەم، من دەمەوێت باسی پەرلەمانی کوردستان بکەم. لە راستیدا من وەکو تاکێک، گومانم هەیە لەو کەسانەی کە بوونەتە ئەندامی پەرلەمان، ئاخر لەوەتەی من قوتابی زانکۆم رۆژێک لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵای پەرلەمان، نەهاتۆتە کۆلیژەکەم و پێم بڵێت: کێشەی تۆ چییە؟ بۆ ئاستی زانستیت دابەزیوە؟ داخوا بۆ بەشداری وانەکانت ناکەیت؟ ئەوە خێرە هیچ داهێنانێکت نییە؟ دەزانن دەبێت من بچم بۆ لایان، چونکە من کارم بەوان هەیە ئەوان لە ئێمە گەورەترن!

گومانم هەیە لەو کەسانەی کە ئەندامی پەرلەمانن، ئاخر رۆژێک یەکێک لە ئەندام پەرلەمانەکان، لە یەکێک لە هۆڵەکانی شار لەگەڵ خەڵک کۆنەبۆتەوە و لێیان بپرسێت: ئەرێ ئێوە کێشەی ئاو، کارەبا، سووتەمەنی، گرفتی نیشتەجێبوون، گرانی کاڵا، خواردن و خواردنەوەتان هەیە؟

گومانم هەیە لەو کەسەی کە بۆتە ئەندامی پەرلەمان، بە قسەی یەکێک لە ئەندامەکانی پەرلەمان، ئەندامی پەرلەمان هەیە، دەستی سوورە بە خوێنی ئەم گەلە. ئەرێ دەکرێت، هاوزەمان ناپاکیت لێ بکەم و نوێنەرایەتیشت بکەم؟

ئەوە لەو رۆژانە، لەگەڵ یەکێک لە برادەرەکانم چووم بۆ سوپەرمارکێتێکی شار، وا نەزانن شتم کڕیوە. چونکە هەر بۆ تەماشاکردن چووم، لەبەرئەوەی خۆتان دەزانن دەرماڵەی قوتابیانی زانکۆ چەندە؟!

لەوێ بەچاوی خۆم بینیم، لەلایەک سەرۆکی لیستێک لەگەڵ چەند کەسێکی نزیکی و ئەندام پەرلەمانێکی تریش خۆی و خێزانەکەی و منداڵەکانی، بە ئارەزووی خۆیان هەرچی شتی گرانبەها و نایاب هەیە، دەیانکڕی، ئەندام پەرلەمانەکە بە منداڵەکەی دەگوت: برۆ کوڕم بە کەیفی خۆت شتی یاریکردن هەڵبگرە!!

ئاخر من تێناگەم، بۆ دەبێت ئەندامێکی پەرلەمان مووچەکەی لەسەرووی چوار ملیۆنەوە بێت و پۆلیسێکی هاتوچۆش (کە بەشەو و رۆژ خزمەتی وڵاتەکە دەکات) مووچەکەی تەنها دووسەد و چل هەزار بێت. ئەرێ لەم وڵاتە ویژدان هەیە؟ باشە ئەم جیاوازییە بێ مەعنایەی مووچەی ئەندام پەرلەمان و فەرمانبەرانی سادە، لەپای چی؟

سڵاو لە کرێکارەکانی بەردەم مەچکۆ کە لە رۆژی جیهانی کرێکاران دەستگیر کران، سڵاو لە قوتابییەکانی بەشی ناوخۆیی و ناوشار، سڵاو لە مووچەخۆرە تازەکان.